www.3n1m.blogspot.com

# چ کڵاو بچێتە سەر چ سەر بچێتە کڵاو! (گاڵتە و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)

rahmayub@yahoo.de



ئەگەر هەر کام لە ئێمە لانیکەم جارێک کڵاومان نەکردبێتە سەر کەسێکەوە، ئەوا لانیکەم جارێک کڵاوێکیان هەر سەر کردووین یا کڵاوێکمان لە شوێنێک هەر سەر چووە. ئەمانە بە قەدەر یەک و وەک یەک باری مەنفییان هەیە و لە باری ئەخلاقیی و ئاکارییەوە نادرووستن و ئەچنە خانەی تاوانەوە. بەڵام ئەگەر لە مانای تەشبیهی و مەسەلیی کڵاو سەر نان و کڵاو سەر چوون دوور کەوینەوە و بێینە سەر ئەسڵی کرداریی کردارەکە، واتە کڵاو سەر کردن و کڵاو سەر چوون، لە ئەساسدا هەر دوویان هەر یەک ئامانج ئەپێکن و وەک یەکن، چ کڵاوەکە بچێتە سەر و چ سەر بچێتە نێو کڵاوەکە، لە هەر دوو حاڵەتدا ئەو کڵاو و سەرە هەر جووت دەبن پێکەوە و ئامانج گەرم بوونەوەی سەر و نەخۆش نەکەوتنە. لە کوردەواریدا لەم جۆرە تەشبیهاتەمان هەیە کە دەڵێن، چ کەرەکە بەریتە لای جۆکە و چ جۆکە بەریتە لای کەرەکە، ئەمەش هەر دوویان هەر یەکن، لە هەر دوو حاڵەتدا ئەو کەر و جۆیە بە یەک شاد دەبن و ئاکامەکەیان بەڵام لێرە جیاوازە. لە نمونەی یەکەمدا سەر و کڵاوەکە نە تەنیا هیچ خەسارێک نابینن، بەڵکو بە یەکیش شاد دەبنەوە و ئاکامەکەی گەرم مانەوەی سەر و ساخ مانەوە و بێ کەس نەمانەوەی کڵاوە، لەوەدا کە سەرەکە گەرم دەبێتەوە و کڵاوەکە شانازی گەرم کردنەوەی سەرەکەی پێ دەبەخشرێت. بەڵام لە نمونەی دووهەمدا شاد بوونەوە و تێرخواردنی کەرەکە بە جۆکە لە ئارادایە لە حاڵێکدا ئەمە بە تەواو بوون و کۆتایی تەمەنی جۆکە کۆتایی پی دێت و ئەگەر کەرەکەش جۆکە نەخوات، ئەوا ئەوجار کەرەکە کۆتایی بە تەمەنی دێت و لە برسان دەمرێت. (کورد ئەڵێت ئەتۆپێت، من نازانم مردن هەر مردنە ئیتر بۆ ئاژەڵ ئەتۆپێت و مرۆڤ ئەمرێت؟ من جیاوازیی نابینم لە هەر دووک حاڵەتدا گیانلەبەرێک ئەمرێت چ ئاژەڵ بێت و چ  مرۆڤ، ئیتر ئەم هەڵاواردنە بۆچی؟). کەواتە ئەو دوو نمونەی سەرەوە کە وەک یەک دەچن، ئاکامەکانیان وەک یەک نین. بەڵام ئایا ئامانجیان چییە؟ ئامانج لە نمونەی یەکەمدا بێ کڵاو نەمانەوە و گەرم بوونەوەی سەر بۆ نەخۆش نەکەوتنە و لە نمونەی دووهەمدا بێ جۆ نەمانەوەی کەرە. لە نمونەی یەکەمدا سەر و کڵاو پاش بێ نیاز بوون بە یەک، هەر دوویان بێ وەی دەمێنن و بە بێ قڕە لە یەک جیا دەبنەوە، بەڵام لە نمونەی دووهەمدا جۆکە بە زۆر تەپێندراوەتە نێو گەدەی کەرەکە و لەو نێوەشدا جگە لەوەی کە دەچەوسێندرێتەوە و تەڕ و تووی پێوە نامێنێت و هەموو ئاوو و ڤیتامینەکانی دەکێشرێت، کە دوایش لەو سجنە بەر دەبێت، هەموو کاراکتەر و شێوە و قەواری گۆڕاوە، بێچارە ئیتر قەت ئەوەندە خۆشەویست نییە کە پێشتر بوو. پێشتر کەرەکە خۆی بۆ بە کووشتن دەدا، ئێستا بەڵام هەر بە لایشیدا ناچێت. ئێستا ناویشی گۆڕاوە و لە جۆوە بووە بە تەرس!

ماڵت نەشێوێ میرزا خۆ فڕۆکە ساز ناکەیت، ئەمە چییە؟ لێتان ناشارمەوە کە ئەم هەموو شێر و ڕێوییەم تەنیا بۆیە هێناوەتەوە، بۆ ڕێگا خۆش کردن بۆ باسە سەرەکییەکەم کە مەبەستمە و لە خوارەوە ئەیخوێننەوە. ئاخر ماڵتە هێندەم پێ "عەیبە" ئەم شتانە باس کەم ئەو سەری ناپەیدا، خۆ ماڵی کورد نەشێوێت، کە بە داخەوە زۆر شێواو و بێ ماڵە، هەتا دێی ئەم باسە بکەیتەوە خێرا پاسەوانانی نامووس کە زۆرینەی پیاوانن، بەرچەسپی بێ ئاکاریت بە سەردا ئەدەن و ئەگەر دەستیشیان کەویت، وەک قیمە ئەتهاڕن! بەڵام گوێ نادەمێ، چوونکە ئەزانم کە وشەی ئاکار لای زۆر

کەس بە پێچەوانە وەرگیراوە. لە دونیای مۆدێرن بێ ئەخلاق ئەو کەسە نییە کە خۆشەویستی دەکات و یا لە سەر خۆشەویستی ئەنووسێت، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە ماڵی میللەت تاڵان دەکات!

با لەوە گەڕێین جارێ، نمونەیەکی دیکەش هەیە کە وەک ئەو دوو نمونەی سەرەوە دەچن، بەڵام وەک وتم هێندێک پێم عەیب و عارە ناوی بەرم، زۆرتر وەک نمونەی سەر و کڵاوەکە دەچێت، تا کەر و جۆکە، کە ئەگەر چی ئامانجییان وەک یەک دەچێت، بێ سەر و کڵاو نەمانەوەی یەکتر و بە یەک گەیشتن بەڵام ئاکامییان جیاوازە. ئاکامییان تەنیا گەرم بوونەوە نییە، ئەگەر چی ئەو ئاکامەشیان هەر هەیە، بەڵام ئاکامییان بە ئاکام گەیشتن و خۆشەویستییە و بێجگە لەوە ئەم نمونەی ئەخیر ئامانجێکی گرنگیش دەپێویت ئەویش پەیدا بوونی ژیانی نوێی و سەر هەڵدان و خووڵقانی جیلی داهاتووە، منداڵ!

وردە وردە لە مەبەستەکەم نیزیک دەبمەوە، بەڵام هێشتا پێم عەیبە بیڵێم. خۆزگە باس کردنی ئەمیشیان هەر وا بە سانایی و بێ شەرمی سەر و کڵاو بوویایە، بەڵام لە کۆمەڵگا دەترسێم، ناوێرم ناوییان بێنم. ناوێرم بڵێم چ ئەمیان بەودا و چ ئەویان بەمدا، هەر دوویان هەر وەک یەکن، هەر دوویان بە ئاکام گەیشتن و حەز و ویست و خۆشەویستین بەڵام لە ترسی کۆمەڵگا ناوێرم ناوییان بێنم. ئاخر خۆ ئەوانە ئەگەر چی هەر وەک دەست و سەر و لاق و دڵ و هتد ئەندامی لەشن و ئەندامگەلی زۆر گرنگیشن، بەڵام نە دەستن و نە لاق و نە سەر و نە کەر و نە کڵاو، چۆن ناوییان بێنم؟ هەر بێجگە لەمانە کردارەکەیشیان و بە یەک شاد بوونەوەیشیان ئەچێتە خانەی بێ ئاکاری و بێ ئەخلاقی لە کۆمەڵگای ئێمە! ئەمە ڕاستە؟ باس کردنییان هەر وا ئاسان نایەتە زمان و گۆ، زۆر ساکارە ئەگەر بڵێین چ کەرەکە بەریتە لای جۆکە و چ جۆکە بەریتە لای کەرەکە، یا نەخێر بە سانایی سەر و کڵاوەکە نییە، کە بڵێین چ کڵاوەکە بچێتە سەر سەرەکە و چ سەرەکە بچێتە نێو کڵاوەکە.

تەواو، ئیتر سەبرم نەما، باسی دەکەم. مەبەستم گانکردنی نێر و مێ یان ژن و پیاوە. چاو لێبکەن، کە ئاژەڵی نێر و مێ جووت دەبن پێکەوە بە تام و چێژەوە سەیرییان دەکەین یا لە شەرمی دەور و بەرمان چاوی لێ وەردەگێڕین، بەڵام بە دڵەوە حەزمان دەکرد تا کۆتایی بیبان بینین! کە لە ماڵەوە بە تاقی تەنیا خەڵوەت دەکەین لە گەڵ خۆمان، هەندێک جار، نەک هەمیشە، فیلمێکی پۆرنۆی "بێ ئەخلاقی" کە لە کوون و قوژبنەکان شاردوومانەتەوە دەر دێنین و یا لە نێو فایلەکانی کۆمپیوتێرەکانمان بە ناوی ماقووڵەوە حەشارمان داوە، ئەبینینەوە و بە تام و چێژەوە سەیری دەکەین. و یا باشترین فوورسەتە بۆ ئەوەی لە گەڵ هاوسەرەکەمان (نێر یا مێ) خۆشەویستی بکەین. ئا ببورن لێرە مەبەستم پیاوە ماقووڵەکان نییە، کە قەت شتی وا ناکەن، ئاخر ئەوان سۆفیین و کەس نازانێت چۆن منداڵیان بووە!
جا لێرە چ ئەم بچێت بۆ لای ئەو و چ ئەو بچێت بۆ لای ئەم و یا ڕەنگە باشتر بێت بڵێم چ ئەم بچێتە نێو ئەو و چ ئەو بچێتە سەر ئەم هەر دوویان هەر وەک یەکەن و وەک کڵاو سەر نانەکە و یا کەر و جۆکە وایە و هەر سێکییان هەر یەک خواست و مەبەستییان هەیە، خۆشویستن تا بێ کۆتایی، یەک بوون و تێک ئاڵان و جووت بوونیان و بوونییان بە یەک لەش و یەک جەستە تا ئەو پەڕی چێژ وەرگرتن. ئایا غەیری ئەمەیە؟ ئەگەر غەیری ئەمە بێت، ئەوە یەک لایەنە و یا لە ڕووی ئیجبارەوەیە و تەنیا بۆ ڕەفعی ئیحتییاجی یەک لەوانە و هیچیتر!

کە بێینەوە سەر خۆشەویستییەکە، ئەم پرسیار و ڕەخنە لە کۆمەڵگای کوردی دێتە ئاراوە، کە بۆچی یەکیان واتە "نێرەکە" بە شانازی و سەربەرزی خۆی دەزانێت جووت ببێت لە گەڵ ئەویتریان واتە "مێکە"، بەڵام عەینی ئاکسیۆن و خۆشویستن بۆ مێکە شەرم و نەنگ و خەم و خەفەتە؟ ئایا ئەمە خەتای کۆمەڵگای دوواکەوتوو و فەرهەنگی هەژار نییە؟ بۆچی ئەگەر ژن و پیاوێک یەکتریان خۆش بوێت، کۆمەڵگای ئێمە ئیزن یا ڕێگایان پێ نادات ئەو دووانە بە ئاشکرا پێکەوە بن و خۆشەویستی خۆیان

بکەن؟ بۆچی چاوەدێرییان دەکەن و بۆ ئەگەر پێکەوە گیران، ئەوە ژنەکە ڕسوا دەبێت و یا وەک دۆعا و زۆری دیکە بەردە باران دەکرێن و پیاوەکە وەک بەرزەکی بانان و سەربەرز بۆی دەر دەچێت؟ ئایا ئەمە تاوانی کۆمەڵایەتی و هەژاری فەرهەنگی نییە؟ لەم باسەدا کڵاو سەر کردن و کڵاو سەر چوون هیچ جیاوازییان نییە و هەر دووکییان بە قەدەر یەک مافی خۆشویستن و پێک گەیشتنیان هەیە.

دیارە قەزییەی ژن و مێردایەتی و هاوسەرداری جیاوازە. ژن و مێرد ئەگەر لایەنی ئایینیی و شەرعییەکەی لابەرین، بەو بەڵێن و پەیمانەی کە بە یەکتری دەدەن، بەڵێن دەدەن کە تا سەر بۆ یەک بن و لە خۆشی و ناخۆشیشدا یار و هاوسەر و پشتیوانی یەکتر بن. بەڵام ئەگەر یەکییان ئەو بەڵێنەی شکاند و بە ئاشکرا یا بە نهێنی لەگەڵ کەسێکی دیکەش بوو، ئەوا ئەو بەڵێنە سەرەتاییە ئەشکێت و ئەویتریشیان ئەتوانێت لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەڵێنەکە بشکێنێت و لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە و یا نەخێر ئەویش بە ئاشکرا و نهێنی خۆشەویستی بکات، بەڵام ئەمە لە گرنگی باسەکە کەم ناکاتەوە کە گان هەر وەک بۆ پیاو عەیب نییە هەروەها بۆ ژنیش هیچ ئیرادێکی نییە تا ئەو جێگایەی بە بڕیاری ئازادانە و سەربەستانەی ئەو کەسە بگەڕێتەوە کە خۆی بڕیاری بۆ دابێت، بیکات یا نەیکات. کەواتە بڕیاری تاکەکەسی مرۆڤ (ژن یا پیاو) گرنگترە لەو داب و نەریتانەی کە ئایین و کۆمەڵگا بە سەر تاکەکانیدا دەسەپێنن بۆ خۆشەویستی و خۆشویستن. بەو شەرتەی کە ئەو تاکە کەسە (ژن یا پیاو) لە تەمەنی هەژدە ساڵان، کە بە پێی بڕیارە نێونەتەوەییەکان دیاری کراوە، گەورە ساڵ بێت واتە تەمەنی لە هەژدە زیاتر بێت، پێش ئەو تەمەنە بە منداڵ و مێرمنداڵ ئەناسرێن و پێویستە چاوەدێری کەس و کاریان، ئەویش زۆر بە خشپە و نەک زۆر بە ئاشکرا، بە سەرەوە بێت.

## پۆڕنۆی کوردی ئەتوانێت لەم بوارەدا و لە ئێستادا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بخولقێنێت

ئەگەر چاو لە بەرنامە تلویزیۆنییەکانی چل و یا سی ساڵێک پێش ئێستا بکەین، ئەبینین کە پۆڕنۆ لە ڕۆژئاوا، چ وەک وێنە و چ وەک فیلم، زۆر بە هێواشی و بە خشپە خشپ جێی خۆی کردەوە و ئەمانەش وردە وردە زەینی خەڵکیان گۆڕی بەرەو ئەوەی کە بە دڵفراوانتر چاو لە سێکس بکەن و ئەمە هەر وا درێژەی کێشا، بە جۆرێک کە ئێستا ئیتر لە جاران زۆر عادیتر بۆتەوە. ئەگەر چی ئەو فیلمانە لە کوردستانیش بە زۆری و تەقریبەن لە زۆربەی ماڵەکان دەست دەکەون، بەڵام من دڵنیام کە ئەگەر فیلمسازێکی کورد ئەو غیرەتە بداتە بەر خۆی و هاوکات کۆمەڵێکیش لاوە ژن و لاوە پیاوی کورد بتوانن بێنە بەر چاوی کامێرا و فیلمێکی پۆڕنۆی کوردی لە ئێستادا دروست بکرێت، ئەوە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لێ ئەبێتەوە و دڵنییام ئەچێتە مێژووەوە، ئەمە لە حاڵێکدا کە لە ڕۆژئاوا فیلمی سێ بووعدی خەریکە جیهان ئەهەژێنێت، بەڵام لای ئێمە هێشتا بیرکردنەوە لە درووست کردنی فیلمەکەش غیرەتی دەوێت، چ بگات بە ساز کردنی و لە هەموو گرنگتر یاری کردن وەک ئەکتەری ئەو فیلمانە بە تایبەتی بۆ ژنە لاوەکان.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم کە پێویستە تێڕوانینە جیهانبینی و مرۆڤبینییەکانمان، بە تایبەت لەمەڕ سێکس بگۆڕین و ئەم تابووە بۆ هەمیشە بشکێنین. تا کەی ئەبێت شەرەف و نامووس گرێ بدرێت بە نێو گەڵی ژنانەوە، لە کاتێکدا کە شەرەفی نەتەوەیی و ناسنامەمان دەیان ساڵە لە ژێر پێی داگیرکەرانی کوردستاندایە؟ ئەگەر بڕیار بێت شەرەفێک بوونی هەبێت، ئەوا بندەستە بوون هیچ شەرەفێک نییە. ئەزموونی ڕۆژئاوا و سەیری ڕووداوە فەرهەنگییەکانی ئەم ساڵانەی دووایی ئەیسەلمێنن کە لە دەورەی ئێستادا کە لە سەرەتای گلۆبالیزمدا دەژین، هەر شەپۆلێکی فەرهەنگی لە ڕۆژئاواوە یا هەر شوێنێکی دیکەی جیهان هەڵبات، ڕۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە. چاو لە تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و یا ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەک ژاپۆن و چین و هتد بکەن چۆن گۆڕاون، ئێرانیش تەنیا سێ مانگی بەسە کە بە بێ کۆماری

ئیسلامی بێت، بزانین چۆن تاران و شارە گەورەکان ئەبنە لۆس ئانجێلێس. کەواتە با ئێمەش هەندێک تین وەبەر خۆمان دەین و بگۆڕێین، ئەگەریش نەگۆڕێین ئەوا پاش ماوەیەک بە بێ ئەوەی خۆمان بزانین ئەبینە قوربانی مۆدە و چاو لە خەڵکی دیکە دەکەین و ئەوجار ئێمەش بە چاولێکەری ئەگۆڕێین و هیچ گوریز و ڕاکردنێکمان لە چنگ گۆڕان نابێت، بەڵام چاکتر ئەوەیە خۆمان ئیبتیکار بە دەستەوە بگرین و پێش ئەوەی بمانگۆڕن، خۆمان شتی نوێ بخوڵقێنین و مێژوو بنووسینەوە!

چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا هەموو شارستانییەتی جیهان لە ئێمەوە لە ئیمپێڕاتۆری مادەوە، لە هەمەدان و بابل و نەینەواوە سەرچاوەیان دەگرت. کاتێک ئەسکەندەری مەقدوونی بابلی داگیر کرد، سەری سوڕ مابوو لەو هەموو پێشکەوتنە. ئێستا ئێمە خۆمان بە داخەوە پاشەڕۆی هەموو شارستانییەتێکین، لەوەتای ئایینی بێگانەیان بە سەرماندا سەپاندووە و ئێستاش خۆمان وازی لێناهێنین. لە وڵامی ئەو بەڕێزانەشدا کە ڕەنگە بڵێن شارستانییەت ئەمانە نییە کە من باسیان دەکەم، ئەبێت بڵێم شارستانییەت لە یەکسانی ژن و پیاوەوە و شکاندنی تابووەکانەوە دەست پێ دەکەن، جا چ تابووی سێکس بن یا ڕەخنە لە ئایین و سیاسەت و وردە وردە پیادە کردنی پلۆڕالیزم و دێمۆکڕاسی، کە ئەمانە کران، ئەوجار ڕێگا بۆ هەموو شتێکی دیکە ئاواڵەیە.

٢٣ی بەفرانباری ٢٧١٠